# چەپڵەلێدانە سەرکردە هات

حمه شوان
hama_shwan_@hotmail.com

چەپڵە لیدەن هەستنە سەر پی سەرکردە دیٔ
چەپڵە لیدان لە عیراقی عەرەبیدا وەک دابو نەریتیکی لیٚهاتبو تا سەدام لەسەر حوکم بو بە ئارەزوی خۆت نەبۆ چەپڵە لیدان لە هۆلیٚک ئامادە بویتایە یا لە شویٚنیکی گشتیدا کە سەرکردەیەک دەهات چەپڵە لیدان وەک یەکی لە ئەرکەکان بو .راستە چەپڵە لیدان لە هەمو دونیادا هەیە بەلاٚم وەک وولاٚتی ئیمە نەبۆتە دابو نەریٚت سەرەرای ئەوەی هەمو دلٚخۆش بووین کە سەدام نەما کۆمەلٚی لە ئازارەکانمان کەم دەبیٚتەوە بەوەش دلٚخۆش بووین چەپڵە لیٚدان بەزۆر بردن بۆ خۆپیشاندان نانی خەلٚکیش بە دەشتی حزبەوە نەمینی بەلاٚم بەداخەوە ئەم کارە نابوتانە بەزۆری ماوەتەوە یەک شت ناتوانن بکەن ئەویش گوری بە کۆمەلە..هەمو رۆژی چەپڵە لیدانە وەک خواردنی رۆژانە
سەرکردە هات چەپڵە لیدەن هات هەمۆ هەلٚسن قسەی کرد چەپڵە لیٚدەن حوکم زاتیە مافی چارەی خونوسینە فیدرالیە عیراقی بۆنە چەپڵە لیدەن دەنگ بدەن دەنگ مەدەن بەشدار دەبین بەشدار نابین چەپڵە لیدەن ماموستا خوینکار کاسبکار عەشایەر پیشمەرگە ژنان فەرمانبەران چەپڵە لیدەن جاشۆ بەعسیۆ نیشتمان فرۆشانی دوینی و شورشگیری ئەمرۆ چەپڵە لیدەن ئەنفال ئاوارە هەلٚەبجە کەرکوک سلیمانی هەولیر دهوک چەپڵە لیدەن قەلەم بەدەستەکان بەدەستیٚکی چەۆت بنوسن بە هەردۆ دەس چەپڵە لیٚدەن ئیمە شوفینین مارکسین مارکسی زانین رەنگمان زەردە سورە شینە سەورزە چەپڵە لیدە نەتەوەیین کوردستانین عیراقین چەپڵە لیدە ئەوەی چەپڵە لی نەدا ئەوە وەک یادی جاران دەبی لە هەمۆ رۆژنامەو بلاٚۆ کراوەکان ببینی لە هەمۆ کەنالٚە تەلەفزیونەکان ببینی ئیشتا کەنالٚی ئاسمانیش هاتوتە سەری لە هەر شویٚنیکی دونیا دەژی دەبی ببینی روژانە دەیان جار دەبارەی دەکەنەوە چەپڵە لیدان چەند لە هەمو ئیمە توانی یەک جار بلٚی بەسە